# دەست لە کار بکێشنەوە!

جارێکی دیکەش دەستی تیرۆریزمی ئولتراشۆڤێنیزم زەفەری بە خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کوردستان برد. ئەمجارەش وەک جارەکانی دیکە قوربانیان بەئەژماردن.

زیانی ئەو دەستوەشاندنە هەر لەوێدا ناوەستێت کە کۆمەڵێک لاوی دڵسۆزی کورد ژیانیان لە دەست دا، زیانێک کە هەرگیز قەرەووبوو ناکرێت. بەڵکو مەودای ئەو زیانە لە ئاستی سیاسیشدا بەو واتایە دێت کە ئێمەی کورد ناتوانین خۆ بەو ئاسایشەوە هەڵبکێشین کە کردوومانە بە وێردی سەر زمانمان. لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئەو کرێدیتەمان زەرەری کرد کە وڵاتانی جیهان هێدی هێدی پێوەندی دیپلۆماسی، سیاسی و ئابووری لەگەڵ باشووری کوردستان ببەستنەوە، کە بێگومان ئەوە مەبەستێکی گرنگی ئێمەیە.

هەروەک چۆن نەیاران دڵخۆشن کە دەتوانن زەفەر بەو هەنگاوە باشانە بەرن کە بە خوێنی گەلی کورد بەرەو پێشەوە دەنرێن.

مەبەستی من لە نووسینی ئەم وتارە بەو شێوەیە ئەوەیە کە توانای بەڕێوەبەری ئاسایش و پۆلیس لە هەولێری پایتەخت بخەمە ژێر پرسیارەوە.

کەسێک نییە کە ئاستی سیاسیی بڵند بێت و تێ نەگات کە دۆخی ئێمەی کورد لە باشووری کوردستاندا چەند ناسکە، کە نەزانێت دوژمنان و نەیارانی ئازادیخوازیی بە ئاشکرا گوتیانە و دەڵێن، هەروەک چۆن بە جیددیەوە پلانی بۆ دادەڕێژن، کە تا زیانی زیاتر لە کوردستان بگەیەنن باشتر. ئایا دروستە و لە ڕووی سیاییەوە قابیلی قبوڵە کە سەدان لاو لە شوێنێکی وادا کۆبکرێنەوە کە دەزانین دەتوانرێت دەستیان لێ بووەشێنرێت؟

ئایا ئێمە نازانین کە دەبێت ڕێوشوێنێکی وا تایبەت، میکانیزمگەلێکی وا ئاونەدز و توند و تۆکمە، ئامادە بکرێت کە لە تاکەکەس زیاتر نەتوانێت بکەوێتە گۆڕەپانێکی واوە؟

ئایا ناتوانرێت دۆخێکی ئاسایشی وا ئامادە بکرێت کە زیانەکانی دەستوەشاندنێکی وا تا ئەو پەڕی کەم بن؟

بە ڕای من، بە پێی ئەو ڕاستییەی کە دانیشتووانی کوردستان وەفاداری حوکمەتی کوردستانن و کە ئاسایش و سەقامگیریی کوردستانیان دەوێت، ئامادەکردنی دۆخێکی ئاسایشی لەبار و گونجاو، وا کە زیانی کاری تیرۆریستانە کەمترین بێت، لە هەموو ڕوویەکی تەکنیکی، ئامادەباشیی، ئابووری و سیاسیەوە دەشێت و کارێکی سەخت نییە.

کارێکی باشە کە بەرپرسیارانی سەرەکی ئاسایش و پۆلیس دەست لە کار بکێشنەوە، نەک وەک سزایەک، بەڵکو وەک ددانپیادا نانێکی بەرپرسانە، کە بەڕاستی دەیانتوانی پلانی ورد و لەبار دابنێن و کە نەیان کردووە. بەرپرسی خافڵ، جا هۆیەکەی هەرچییەک بێت، بۆشایی سیاسی و ئاسایشی گەورە دروست دەکات.

ئەو بەرپرسانە کە حەتمەن لەوەبەر کاری باشیان کردووە و کە دەتوانن کاری باشی دیکەش بکەن، دەتوانن دەست لەو کارەی ئێستایان بکێشنەوە و بەرپرسیارێتیەکی دیکەیان پێ بدرێت.

کەسانی دیکە، بە خوێنێکی گەرم و بە ئامادەبوونێکی نوێ و بەو ئەزموونە تاڵانەی ڕابردوومانەوە، دەتوانن ئەو بەرپرسیارێتیە بگرنە ئەستۆی خۆیان.

هەموو بەرپرسیارێک لەو ئاستەدا دەبێت بۆ جارێک و دوا جار بزانێت کە دوژمنان و نەیارانی کورد لە نێزیکەوە چاوەڕوانی دەرفەتن کە دەستی خۆیان لە گەلی کوردستان بووەشێنن. ئەوە دێڕێکە کە دەبێت لە ناو دەفتەر و سەر مێز و دیواری هەموو بەرپرسیارێک نووسرابێتەوە. پرنسیپە سەرەکیەکە ئەوەیە کە ئێمە لە ژێر مەترسیداین و دەبێت بەو چاوەوە ئامادەکاریی سەعات بە سەعات بۆ پاراستنی گەلەکەمان لەبەر چاو بێت.

بەهێزکردنی وەزارەتی ئاسایشی نەتەوەیی، سوود وەرگرتن لە زانیاریی دانیشتووان، لە زانیاری ڕێکخراوەکانی خۆرهەڵات و باکووری کوردستان، هێنانی لاوی کورد بۆ کاروباری بیروکراسیی، بۆ کاروباری ئاساییشی و کاری دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە خاڵی گرنگن کە دەبێت لە ڕۆژەڤی سیاسیی حوکمەتی کوردستاندا لە سەری سەرەوەدا بن.

ئایا چەندمان کردووە و چی ماوە بیکەین، چۆن بیکەین و بە کێی بکەین، چۆن بە باشترین شێوە سوود لە وەفاداریی ناقابیل و دڵسۆزانەی گەلەکەمان، بە هەموو پارچەکانیەوە، وەربگرین، کۆمەڵە پرسیارێکن بەرپرسی ئاقڵ لە ناو پێخەفیشیدا بیری لێ دەکاتەوە.

بەرپرسی هۆشمەند هەمیشە دەیان هەنگاو لە پێش نەیاران و دوژمنانی ئازادیخوازییەوە، بە وریاییەوە، ئامادەیە.

**ئەوانەی بیر لە سەددامە بچووکەکان ناکەنەوە، بێگومان کاری باشیان پێ دەکرێت، بەڵام ناتوانن دەیان هەنگاو لە پێش نەیاران و دوژمنانی ئازادیخوازییەوە بن.**

**ئێستا لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە تەبایی ڕیزەکانی گەلی کوردستان بەرز ڕابگرین، هەست بە بەرپرسیارێتی لە ئاستی پێویستی سیاسییدا بکەین و چاومان ببڕینە ئایندە. گەلی کوردستان ئەو هێزەی هەیە کە پێویستە، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا چۆن دەتوانین سوودی تەواو و شایانباس لەو هێزە وەربگرین.**

**ڕێبوار ڕەشید**

2005/05/05